خۆشناو مەریوانی

meriwany5@gmail.com

ئۆگستی 2006

## دوو قەترە لە ئۆقیانوسی چیرۆکی شەهیدەکان

پێشکەش بە هاورێیان شەهید دڵشاد مەریوانی و ئەکرەمی حەپسە

--------------------------------------------------------------- .

لە بەتاوین، لە دوای ساڵی ١٩٧٢وە، لەکۆڵانێکی نزیک مەیدانی " باب شەرجی"، ژورێکم لەماڵە کریستانیەکدا بەکرێ گرتبوو ، لە نهۆمی دووهەم بوو، ماڵکە دوونهۆم فرەتر نەبوو. لەو ماڵەدا تاقە شانسمان، لەگەرمای شەوانی هاوینی بەغدا دا، رەبەنەکان شەوی نوستنیان لە سەربان رێگە پێدراو بوو.

ئەودەمە کۆمەڵێ برادەری لێك نزیک وهاوبیر بووین، ویەکدیمان فرە خۆشدەویست. لەو هاورێیانە، "یادی زیندۆکانیان وشەهیدەکانییان بەخێر بێن" ئەکرەمی حەپسە، سەعدون و خالید ناوێک و زۆریتر، کە لەم ساتەدا ناوی هەموویان لەسەر زمان نایەنە گۆ.
خالید کانێسکانی بوو، لەساڵەکانی نەوەتی سەدەی پێشوودا لە پاریس لەبرس و سەرمادا رەقبۆوە.
سەعدوون هاوکات تا ئێستا ناوی باوکیم نەزانیوە، ماڵیان لەبەغدا بوو، تالەسێدارە نەدرابوو، خوشکی یادی بەخێر بێت، زوو زوو دۆڵمە و کفتەی گەرمی سابونکەرانی خۆشی بۆ سازئەکردین.

سەعدون لە ژوری لە سێدارەدان لە بەندیخانەی" ئەبوو غرێب " بوو، رۆژێک پێش شەهید کردنی، تا بۆ دواهەمین جار چاوم پێی بکەوێت، بۆ سەردانی فەرمی چاوپێکەوتنی چووم. ناسنامەکەم سەد حەیف ئەو بەیانییە لە ژورەکەم بیر چوو بوو، حەرەسەکانی بەشی لەسێدارەدان نەیان هێشت بیبینم، تا ئێستا ئەو داخەم بیر ناچێتەوە. بەداخەوە هەر چ بیەکی شەهید سەعدون بەمیرات بۆی بەجێهێشتووم، زەردەخەنە وپێکەنی نەکەیەتی.

ئەکرەم لە سەرەتای ساڵەکانی حەفتاکاندا لە بەغدا لە"حی ئەلسەلام" ناسیم، کاتێک من ئاسنگەر بووم، ئەو لەهەمان شۆێندا دارتاش بوو، دواجار هات بوو بە ئاسنگەر

ئەکرەم رۆژێکی پێی گووتم:
- خۆشناو دەبم بەئاسنگەر، بەیەکەوە کاربکەین باشترە، وەستاکەت بەتەنیا زۆر هیلاک دەکات. پاش چەند رۆژێک هاتەکن بەشی ئاسنگەری و دوواکات چەند ساڵێک پێکەوە کارمان کرد.

لە بەشی زۆری ناوچەکانی بەغدا پێکەوە کارمان کرد:
لە کازمیە، سەورە، شوعلە، شەقامی عومەر و هەتا بۆ ئاسنگەری بۆ موسەیەب، هندییە، کوت، کەربەلا ونەجەف چووین. ئەکرەم بێجێگابوو، ئەوشۆێنانەی لێی دەمایەوە ئەمین نەبوون، دواکات کردم بە هاوبەشی ژورەکەم.
گەرەکی کرستیان و ئاشوریان ئەودەمە لە بەغدا سەلامەتر بوو، تێیاندا ئاشووبە کەمتر بوو.

چەپرەو بووین، دژی هەموو پارتە سیاسێکانی ئەوسەردەمە بووین، زۆربەی کتێبی زانیاری شۆرشگێری بەزمانی عەرەبی لەو دەمدا دەست دەکەوتن، دەمان خوێندنەوە.
هاوڕێ ئەکرەم زۆرجدی بوو، کاتێک  کتێبێکی بەدەستەوە دەگرت، تا تەواوی نەکردایە، سەری لەسەری هەڵ نەئەبری. بیرم دێ بە ئەرنستیی پاژنە ئاسنینەکەی "جاک لەندەن" سەرسام بوو، سێ تا چوار جاری خوێندەوە.

حەزمان دەکرد بنووسین، بەتایبەتی ئەکرەم. خاوەنی دەریایەک لە تەجروبەی شۆرشگێری بوو. چەند ساڵێک لە گەڵ باڵێکی پارتی کۆمۆنیستی شۆرشگێری خەباتی چەکداری کردبوو، دەسەڵاتی بەعسێکان و خۆفرۆشان بە خوێنی سەری توینی بوون. خەبات وتێکۆشانی ئەوسەردەمە، زۆر بەپەرۆشەوە بوو شیبکاتەوە وتۆماری بکات.
بەزهنی ئەوسەردەمەی تێیدا دەژیان. دژی پارتە سیاسێکانی مووالی بەدەوڵەت و مووالی پارتە ناسیۆنالیزمە کوردییەکان بووین، هەروەها ( یانزەی ئازار ) کاری خۆی بەجێهانی بوو، ئاشبەتاڵی بە میللەت و قەلفری بەسەرکردەکانی کردبوو .

لە وڵاتانی دنیای هەژاری وەک لای خۆمان لەو کاتانەدا، ناکۆکی ناو چەپەکان، لەسەر شێوە و جۆری خەباتی جەماوەری کرێکارانە بوو. پارتە چەپەکان و رێبازی چەپرەی خەبات لە جیهاندا دەیویست لە ژێر رکێفی روسیا بێنە دەرێ.

وەک بیرم مابێت، زۆر بابەتی نوسینمان هەبوو، وەلێ ئەزمون ودەستی نووسینمان فرە کەم بوو، خاوەنی ئەزموونی نوسین نەبووین. ١٤٠٠ ساڵ داگیرکەران دەرفەتی نوسینی کوردیان نەدابووین.

ئەکرەم رۆژێک داوای لێکردم، بە دڵشاد مەریوانی برامی بناسێنم، تا میتۆدێکی بۆ فێربوونی نووسین نیشان بدات. مەریوانی برام ئەودەمە مامۆستای وێژە و زمانی کوردی بوو.

زۆری نەبرد، پاش چەند رۆژێک، پێشنیازەکەیم بە دڵشادی برام گووت، هەروەها بەرێزیان زۆری پێخۆشبوو. بۆکۆرێکی هۆنراوەیی دەواتی کردین، کۆرەکە لەکۆلێژی وێژەی بەشی زمانی کوردی لەبەغدا دەگێرا .

پێی گووتم، باشترین هەلە لەوێ ئەکرەم دەناسم .

ئەگەر بیرەوەرێکانم دەرفەتم بدەن، کۆرەکە پێش ناوەراستی ساڵی1977گێرا، دونیا شلۆقابوو. پارتی بەعسی دورندە دەستی خوێناوی بۆ شەهیدکردنی لاوەکان رەها و واڵا ببوو. پارەی نەوت لە هەڵچوندا بوو. گەندەڵ و پولەکی نیشتمان فرۆشێکی زۆری لە چواردەوری خۆی کۆکردبۆوە.
سەرەتای گەردنی نەونەمامە گووڵ گرتووەکان برینەوە بوو، هەروەها راوی لاوە چەپرەوە نوێکان بە خەستی و بەقورسی دەستی پێکرد بوو .

لەخۆمان ئەوکاتانە فرە دەترساین، ئەگەر راستگۆبم ئەگەر، لە خشەی مار و مێرو سڵمان دەکردەوە.

سەرتان نەێشێنم، چوین بۆ کۆر و کۆر گیرا، دڵشاد بەقاتێکی کاڵ رەنگەوە، دەستی کرد بە خۆێندنەوەی هۆنراوەکەی:

ببن بەتیشک

لەم دیو دیواری مەرگەوە

رۆلە

تۆنەمامێکی گوڵدەگری

ئاگاداربە

نەمام هەیە نووکی نێزەی لێ دەبەستری

بەڵام نەکەی لێی بترسی

رۆڵە، چاوەکانم دەرددەهێنن

گوێزان دەخەنە ناوگەرووم

مەترسە تیشیک نافەوتێ

دەنگ ناخنکێ، ئەوە تا من، بێ دەنگ نەبووم

زۆر ترسام، لە دڵەوە ئەمگووت؛ وەک بەخۆی رەحم ناکات، بەئێمە گچکە رەحمێک بکات. کەش وهەوایەکی لەهۆڵەکەدا دروست کردبوو، بێتەقە بۆنی باروتی لێ ئەهات. بەهیما ویستم تێی گەێنم، کە .من ئەترسم، بەڵکە هۆنراوەیە کی تربخوێنێتەوە. ئەوەندەی تر حەماس گرتی، هاواری ئەکرد گوێزان دەخەنە ناوگەروم، بەدوای یەکدا دووسێ کەرەت گوێزان دەخەنەناوگەرومی دەگووتەوە.
سەداکانی "گوێزان، نێزە، ناخنکێ و بێدەنگ نەبووم" لەمێشکمدا و لە گوێمدا دەزرنگانەوە.
دڵشاد دیاربوو هیماکەمی بە پێچەوانەوە تێگەیشتبوو، بەلای چاو سەیرێکی ئەکرەمم کرد، دیتم بە هۆنراوەکە کەیفی دێت، وەک من نە ئەترسا، سەیرێکی کردم بە چرپە وتی؛ رەنگە مەخسەدی شەهید کردنی شەهاب وهاورێکانی بێت .

کاتێک دیتم چواردەورم کەیفییان بە هۆنراوەکانی دێن، کەمێک ئاسودە بوومەوە، وردە وردە کەوتمە هەوای خۆم، ئیتر کەمە کەمە ترسم رەوێووە. هەرگیز نەم دەزانی شاعرێک، لەبار ودۆزەغێکی ئەو دەمەی بەغدا دا، بتوانێت هۆڵێکی وا گەورە، بکاتە ئاگری سوری خەبات

ئەمجا بە گوێی حەماسەوە گوێم دەگرت، دڵشاد ئەی وت؛

بۆ وولاتی خەنەبەندان

ئێستا لێرە دلارەکان

بوون بەتیشک تانەفەوتێن

تەنیا بە چاو سروود دەڵێن

.ئەکرەم تاهێزی لە بەدەنیدا بوو چەپڵەي لێدا. وهەندێ هاورێ هاوکات بەخۆشی ئێمەوە هاتبوون و میوانان و دانیشتوان چەپڵەمان لێدا، ئیتر دڵشاد هەر دوو دێری ئەخوێندەوە، ئە بوو بە چەپڵەرێزان،

کاتێک دڵشاد وتی؛

هێشتا شەوەو گوێزان تیایدا باڵ دەگرێ و

گەردنی نەونەمامە گووڵ گرتووەکان دەبرێتەوە...

کەسێکی ئەفەدی کراڤات بەستوو، بەپەلە هات، هەندێ وتوو وێژی لەگەڵ دڵشاد کرد، چۆن هات ئاوا بەپەلە گەراوە، هەناسەیەکی نەبرد کارەبای میکرۆفۆنەکانیان لێی کوژاندەوە. ئەفەندییەکی تر بە هەمان شێوەهات، گوێم لێبوو بەتوورەیەوە گووتی؛
پێمان نەوتی ئاگات لەخۆت بێت. کۆرەکەیان کۆتای پێهانی، هۆڵەکە لە چاو تروکانێکدا چۆڵ بوو. لە هاتنە دەرەوەماندا دڵشاد بەچاو دیمان، چەند هەنگاوێک لێمانەوە دوور بوو ووتی؛

هۆنراوەکەم ئەوەندەی نەمابوو تەواو بێت، یەکتر دەبینینەوە، دانیشتنێکی تایبەتی لە گەڵ هاورێ ئەکرەمی خۆشەویستا رێکدەخەین. دوای ئەوە بەئەکرەم گووتم؛

باشترە زوو برۆین.
بە پەلە رۆشتین.

لەو رۆژەوە کەیفم فرەتر بەهۆنراوە دێن، ئەو کۆر و رۆژە، تا ئەمرۆ یادگارییەکی بەجۆشی لەمێشکما بەجێ هێشتوە. بۆتە کەزی خەجێ لەسەر چیای سیپانی خۆشەویستی، کەپێکەوە بەقووڵتر لەسەر هەمان رەنجی خەبات بەژییانەوە، بەهاورێیانەوە، هەرسێکمانی گرێداوە .

ماوەیەک دوای ئەورۆژگارە بۆم دەرکەوت کە ئەو هۆنراوەیەی بۆ ئەکرەم و هاورێکانی خوێندەوە، هەرکەزانی دەچینە کۆرەکەیی، هۆنراوەیەکی بۆخوێندەوە، ژیانی تێکۆشانی ئەو کاتانەی کردبوینە هونەر، کە ئەوەندەی تر حەماسی داینێ، باش تێگەیشتبوو، خەبات لەو دەمەدا بەچاو و بەدڵ نەبووایە، ستەم بوو.

پاش دوو ساڵ، دوو سێ مانگ دوای روخانی شای ئێران، ناوەراستی 1979 هاتمەدەرێ، لە پاریس ئۆقرەم گرت، پاش یەک دووساڵ بیستم، ئەکرەم لەلایەن رژێمی بەعسەوە بەندکراوە.

هەر لەسەرەتای سالەکانی هەشتاوە، لە(مۆنت لاجولی) شارێکی پیشەسازی نزیکی پاریسە، کارم دەکرد، بە بەرق ئاسنم چەسپ دەکرد، جار جار بەدم گڕی چەسپەوە، خەیاڵ دیبردم بۆ لای ئەکرم، ئەکرەم لەژێر تەعزیبدا بوو، ستەم بوو ئاگرو چەسپ و ئەکرەم بەم رۆژگارە، دور لەیاران تاوتوێبکەم.

تا رۆژێکی شێفەکەم هاواری لێ کردم، کە لەسەر تەلەفۆن داوام دەکەن، وەک دڵم خەبەری دابێت، بەپەلەچوومە بیرۆکەیەوە و تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، هاورێیک بوو، ووتی خۆشناو، ئەکرەم دوێشەو لەبەندیخانەی موسیل شەهیدیان کرد .

چاوانم پربوون لە فرمێسکی گەرم، تاگەرامەوە سەر چەسپ کردنەکەم نەم هێشت شیفەکەم فرمێسکی هەڵنەوەریوم ببینێت، تا ئێستا ئەو فرمێسکانە بە گەرمی لەچآوانمدا قەتیسماون.

بیستم، دڵشادی برام رۆژی شەوی پێش شەهیدکردنەکەی، لە بەندیخانەی قەسابخانەی موسڵ، چۆتە دواهەمین دیدار.
ئەکرەم لە ژوری شەهیدکردنیدا، هەموو کەسوکار هەندێ لە هاورێیانی لە چواردەوری بوون، بۆ ئەوەی هێمنیان کاتەوە گۆرانی بۆ چریوون.

دڵشاد هۆنراوەیەکی بۆ ووتوە، بە ناوی( ئەرنستی کورد، بۆ شەهید، ئەکرەمی حەپسە ). کە لە دیوانەکەی چاپ 1999 دایە .

گیانە ئەکرەم

تۆلەکارگەی شۆرشان دا

کرێکارێکی جەسور بوی

لەناو کۆمەڵی ئینسان دا

باوەرێکی پر لە نوور بوی

لەملانێی دوژمناندا، توانایەکی بێسنور بوی

لەدیوانی کۆڵنەداندا، لاپەرەیەک شیعری سور بوی

*

لە ئەڵقەی پەتی موسلەوە

شۆڕ بوویتەوە

هەتا باڵات گەیشتە فاو

هەتا گیانت چووە کۆڕی شەهیدانی هاوڕێ مان و

بوونە هەتاو

ئەی هەتاوە پیرۆزەکە

خەمت نەبێ ئەم کاروانە

ڕاناگیرێ بە گێلە پیاو

هەردەم دەژی

هەردەم دەژی

هەردەم دەژی و بەردەوامە

دڵشاد مەریوانی، هەستی کردبوو، ئەنفال و ژەهر کوژی ئامادە دەکرێت، تەنیا قوربانێکانی بەرگری لە ئەنفال و رەشەکوژی ژهر رشن مابوونەوە،

بۆ چەرخ دانەوەی هەستی شۆرشگێری، جۆشی رۆحی بەرگری لەئەنفالکردن، لەهۆنراوەیەکدا لەسەرەتای ئەنفالدا لە 1988/04/26 دا دەڵێت؛

نرخی من نرخی میللەتە

نرخی خاک و نەتەوەیە

نرخی ئەم گەلە چەوساوە کلۆڵەیە

من ئەم خاکە جێ ناهێڵم

وەک تیا ژیام

وەهاش سەربەرز تیایدا دەمرم:

---------------------------------

دڵشاد مەریوانی، تیایدا سەربەرز، لە 1989/03/16دا، وەک دەڵێن لە ئەمنە سوورەکەیی سلێمانی، بە فیشەکێک لەسەری شەهیدکراوە.
بەعسیەکان تەرمەکەیان شاردەوە، تا هەنووکە گۆری نییە.



وێنەی دڵشاد مەریوانی.



وێنەی ئەکرەم